هل الله موجود ؟

ئایە خوا بوونی هەیە ؟

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەیخ هەیسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانیک

لە جیهانێکدا کە مادییات زاڵ بووە و عەقڵەکان تووشی فیتنە هاتوون بە هۆی بابەتە هەستپێکراوەکانەوە ، بۆیە دەرگای گومان کراوەتەوە , تەنانەت لە بابەتە جێگیر و راستییە سەرەتاییەکاندا ، وە شەپۆلی بێ باوەڕی و ئیلحاد لە دەرگاکانی جیهانی ئیسلامی دەدات ، وە گەنجی موسڵمانی کردووەتە ئامانج و ئەو پرسیارە کۆنەو بێ بنەمایە دووبارە دەکاتەوە :

ئایە خوا بوونی هەیە ؟ لە گەڵ ئەوەی بوونی و پەروەردگارێتی بەسەر خەڵکییەوە چەندین بەڵگەی ئاشکرای لە بوونەوەردا هەیە . وە چەندین روونکەرەوەی دەرخستووە .

جا ئایەتە شەرعی و گەردوونییەکان بەوپەڕی روونی و ئاشکراوە بەڵگەن لەسەر بوونی خوای گەورە ، ئەو هەژاری نواندنەی کە لە ناخی مرۆڤێکدا هەیە بەسە ببێتە بەڵگە بۆ بوونی خوای گەورە ، وە ئەو پێویستییە فیترییە روونتر دەردەکەوێت لە کاتی تەنگانەو تاقیکردنەوەکاندا ، چونکە مرۆڤ لە خۆیدا ئەوە دەبینێتەوەکە ناچارەو دەبێ روو لە خوا بکات و داوای لێ بکات و هانای بۆ ببات ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَإِذَا مَسَّكُمُ ٱلضُّرُّ فِى ٱلْبَحْرِ ضَلَّ مَن تَدْعُونَ إِلَّآ إِيَّاهُ ۖ فَلَمَّا نَجَّىٰكُمْ إِلَى ٱلْبَرِّ أَعْرَضْتُمْ ۚ وَكَانَ ٱلْإِنسَٰنُ كَفُورًا ﴿٦٧﴾ ﴾ الإسراء: ٦٧) واتە : وە کاتێک کە لەناو دەریادا تووشی زیانێک ئەبن و مەترسی نقوم بوونتان ببێ , ئەوانەی کە لە کاتی خۆشیدا دوعاتان لێیان ئەکردو لێیان ئەپاڕانەوە لە خواکانتان هەموویان ئەڕۆن و نامێنن و فریاتان ناکەون و بە دڵسۆزی بە تەنها لە خوای گەورە دەپاڕێنەوە، چونکە دەزانن تەنها خوای گەورە دەتوانێت رزگارتان بکات , بەڵام کاتێک کە خوای گەورە ڕزگارتان ئەکات وە ئەتانگەیەنێتە وشکانی ئەو کاتە پشت ئەکەنەوە لە خواپەرستی و دوعا ئەکەنەوە لە خواکانی خۆتان و ئەوان ئەپەرستنەوە , بەڕاستی مرۆڤ زۆر کوفرانەی نیعمەتی خوای گەورە ئەکات))

هەروەها عەقڵی مرۆڤی ئاسایی و تەواو بە ئاشکرا دان دەنێت بەوەدا کەوا دەبێ هەموو دروستکراوێک دروستکارێکی هەبێت ، وە هەموو روورداوێک دەبێت کەسێک پێی هەستا بێت ، بێگومان هیچ دروستکراوێک نییە بە بێ دروستکار ، وە هیچ روورداوێک نییە ئیللا دەبێت کەسێک پێی هەستابێت ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَمْ خُلِقُوا۟ مِنْ غَيْرِ شَىْءٍ أَمْ هُمُ ٱلْخَٰلِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا۟ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۚ بَل لَّا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾ ﴾ الطور: ٣٥ - ٣٦) واتە : یاخود ئایا ئێوە بەبێ هیچ شتێک دروست کراون و لە هیچ دروست کراون؟ یاخود خۆتان خۆتانتان دروست کردووە؟ نەخێر هیچیان نییە بەڵکو خوایەک هەیە کە ئێوەی دروست کردووە (٣٥) یاخود ئایا ئێوە ئاسمانەکان و زەویتان دروست کردووە؟ نەخێر وانییە بەڵکو ئێوە یەقینتان نییەو لە گوماندا ئەژین (٣٦)

چونکە دوو گریمانە هەیە سێیەمیان نییە ، یان ئەم دروستکراوە ناوازە و رێک و پێکە بە بێ دروستکار بووە ، ئەمەیش بە پێی عەقڵ زۆر ئەستەمە ، وە یان دروستکراوەکان خۆیان خۆیانیان دروست کردووە و ئاسمانەکان و زەوییان

دروست کردووە ، ئەمەیش ئەستەمترە ، وە هیچ کەسێک نەیگوتوە ، بۆیە بێگومان ئەم گەردوونە بەدیهێنەرێک و دروستکارێکی هەیە ، کە ئەویش (الله)یە ، جا هەرکەسێک دیقەتی ئاسمان و فراوانییەکەی بدات و تەماشای ئەو خۆر و مانگ و ئەستێرە و هەسارانە بکات کە تیایدایە و هاتووچۆ دەکەن بە شێوەیەکی رێک و پێک لە ئاسمانێکی گەورە و مەزندا ، وە بیر بکاتەوە لە زەوی و هاتنی شەو و رۆژ کە بە سیستەمێکی ورد دێن و دەچن بە دوای یەکدا ، وە جۆرەکانی ژیان و رەگەز و گیاندارەکان و رووەکەکان کە بە یەک ئاو ئاو دەدرێن ، کەچی جیاوازن لە تام و شێوە و رەنگەکانیاندا ، وە دیقەتی دەریاکان بدات و تەماشای ئەو هەموو شەپۆل و دروستکراوە سەیرانە بکات ، هەرکەسێک دیقەتی ئەوانە بدات دڵنیا دەبێت و یەقینی لا دروست دەبێت بە بوونی بە دیهێنەرێکی بە توانا کە ئەویش (الله)یە ،

﴿ يُغْشِي ٱلَّيْلَ ٱلنَّهَارَ يَطْلُبُهُۥ حَثِيثًا وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتٍۭ بِأَمْرِهِۦٓ ۗ أَلَا لَهُ ٱلْخَلْقُ وَٱلْأَمْرُ ۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ﴾ الأعراف: ٥٤ واتە : خوای گەورە بە تاریکی شەو ڕووناکی ڕۆژ دائەپۆشێ و بە پێچەوانەوە , بەخێرایی شەو بەدوای ڕۆژدا دێت و لێک جیا نابنەوە , وە خۆرو مانگ و ئەستێرەکان هەمووی خوای گەورە دروستی کردوون و ژێرباری کردوون و لە ژێر فەرمان و توانای خوای گەورەدایەو بەفەرمانی خوای گەورە هەڵسوکەوت دەکەن , ئایا دروست کردن و فەرمان دەرکردن هەر بۆ خوای گەورە نییە , الله کە پەروەردگاری هەموو جیهانە خێرو بەرەکەتی یەکجار زۆرو فراوانە)

جا لێدانی هەموو دڵێک و فیترەتی هەموو زیندوویەک و بەڵگە هەستپێکراوەکان و عەقڵیەکان شایەتی بوونی دروستکارێکی مەزن و کاربەجێ دەدەن ، کە بەڕێوەبەری ئەم گەردوونەیە .

زۆر سەیرە :

ئەو خوایە چۆن سەپێچی دەکرێت و چۆن نکۆڵی لێ دەکرێت ، وە لە هەموو جۆڵەیەک و وەستانێکدا شایەتێک هەیە بۆ گەورەیی خوا .

وە لە هەموو شتێکدا شاهیدێک و ئایەتێک هەیە کەوا ئەو خوایە تاک و تەنهایە .